www.kurdistannet.org
18-8-2006 22:41 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

گوڵاڵە ساڵەح: کاری زۆر و خۆ دەرخستنی کەم ... دیمانەیەک سازدانی: ئاریان

ژنە چالاکڤانی کورد گوڵاڵە ساڵەح، کچی ڕەزا کەبابچی دۆستی هەژاران و سیمای ناسراوی کەرکووک و خۆشەویستی شارەکەیە، لە شاری کەرکووک لە کۆشی خێزانێکی ناسراو و تێکۆشەر و نیشتمان پەروەری پێشکەوتنخواز لە دایک بووە، ئێستا لە ئیتاڵیا دەژێت، لە بواری مافەکانی ژنان و منداڵان چالاکە، تاکو ئێستا کۆمەڵێک کاری جدی بۆ کورد ئەنجام داوە، جێگەو ڕێگەو شوێن خۆیان گرتووە، گوڵاڵە بەوە ناسراوە " کاری زۆر دەکات بەڵام کەمتر خۆی دەردەخات "، با بزانیین پشکێک بچووک لە کارەکانی گوڵاڵە چین و لە داهاتوو چییان بە دەستەوەیە بۆ گەلە بێکەسەکەمان.

سازدانی چاوپێکەوتن ئاریان

پ: سەرەتا حەز دەکەین بزانیین گوڵاڵە کێیە و چی ئەکات؟.

من ناوم گوڵاڵە ڕەزا ساڵەح زەنگەنەیە، لە شارەوانی ڤینیسا لە بەشی پەنابەری (بەشی خزمەت و یارمەتی بۆ پەنابەران) کار دەکەم، بەتایبەتی بۆ (ئافرەتان و منداڵان) ئەرکی ئێمە ئاسان کاری زمان، یارمەتیدەری و ئاسانکاری زۆر خزمەتگوزارییەکانی دیکەین لە بەرژەوەندی پەنابەران، هەر لە کاتی گەیشتنیان بۆ ئیتالیا و ماوەی مانەوەیان لە سەنتەرەکانی پەنابەری، هەتا دوا پێویستێکانیان لە ژیان، ئەم پرۆژەیەی شارەوانی ڤینیسیا (بە ناوی پلانی دەوڵەتی بۆ پەناهەندە) لە لایەن دەوڵەت و کومونیتای ئەورووپی و شارەوانی ڤینیساوە موچەی بۆ تەرخان کراوە، هاوکاریان ئەکەین بۆ قوتابیان لە قوتابخانەکان بۆ تێکەڵ بوونیان لە گەڵ سیستەمی ئیتالی و ناسینیان بە قوتابییەکانی قوتابخانەکەو ناسینی قوتابییەکان بە ستۆریەی کوردو کولتوری ئەو خاکەی کە قوتابییە کوردەکەی لێوە هاتووە.

پ: ئەمساڵ لەگەڵ شاندێکی بەرزی ئیتاڵی لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە سەردانی کوردستانتان کرد، ئەو کارانە چی بوون ڕاتان پەڕاند لە کوردستان؟.

و/ ئەم ساڵ لە گەڵ وەفدێکی ئیتالی و نوێنەری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی (شارەوانی بۆ ئاشتی) کە سەرۆکی شارەوانی هیڕۆشیما سەرۆکایەتی ئەکات، بۆ یادی هەژدەمین ساڵەی کارەساتەکەی هەڵەبجە وبردنەوەی دیاری بۆ قوتابخانەی مەرزە بۆتۆ لە هەڵەبجە سەردانی کوردستانمان کرد، وەلێ ئەمەویت پێش هەموشتێک ئەوە ڕابگەێنم کە بردنەوەی پرۆژە بۆ کوردستان مانای ئەوە نییە هەر پارە بردنەوەو دروست کردنەوەی ئیعمار بێت، بەڵکو خەڵکی ئێمە پێویستی بە دروست کردنەوەی دەرونیش هەیە لە هەموو بوارەکاندا، چونکە خەڵکی جگەر سوتاوی وڵاتەکەمان پێویستی بەوە هەیە خەڵکی دەرەوە پێیان بڵی ئێمەش لە گەڵتانین و شەهیدانتان لە یادمانە و هاو سۆزی دۆزەکەتانین دڵمان لای ئازارەکانتانە، کەواتە ڕۆیشتنەوەی ئەو ڕێکخراوە زیاتر کاریگەریکی سیاسی هەبوو، لە گەل ئەوەش دا ئەو کارانەی بەدەست هێنرا بریتین لە:

1 - ئیمزاکردنی بەیان نامەیەک لە لایەن پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکە دژ بەکار هێنانی چەکی کۆکوژی، کە دەبێتە هۆی کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنی وەک ئەو کارەساتانەی کە لە هەڵەبجەو شێخ وەسان و بالیسان وگۆپتەپەو بادینان و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان وجیهان ئەنجامدراوە، ئەم بەیان نامەیە بەرزکراوەتەوە بۆ کۆفی ئەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆک کۆماری ئیتالیا و جەلال تالەبانی سەرۆک کۆماری عیراق و مسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان....

2- دانانی پلانێک بۆ ناردنەوەی تیمێکی پزیشکی بۆ لێکۆلینەوە و پشکنین دەربارەی ئەو نەخۆشیانەی لە ئاکامی بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی خەڵکی توشی بووە، هەروەها پشکنینی ئاو و گڵی ئەو ناوچانە، ئەم ریککەوتنە لە ئاکامی چاوپێکەوتنکان بوو لە گەڵ خاتوو هێرۆ تالەبانی، تا ئیستاش بە بەردەوامی ئاگادار ئەکرێتەوە لە چونە پیشەوەی کارەکان.

سەروک پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی لە چاو پێکەوتنێکیدا لە شاری فلورەنسا کە لەم ماوانە سەردانیکرد، لە گەڵ سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە و بەرپرسانی گشتی هەموو نەخۆشخانەکانی ئیتالیا، هەنگاویکی تر بوو بۆ بەرەو پیشەوە چونی کارەکان، دەربارەی ناردنەوەی تیمی پزیشکی ئیتالی بۆ کوردستان.

پ: یەکێک لەو کارانەی ئەنجامتان دا لە میانەی سەردانەکەتان بۆ کوردستان، کەرکووک کرا بە دەستە خوشکی شاری ڤینیسیا، بۆچی کەرکووکتان هەڵبژارد؟

و/ لە بەر ئەوەی ئاشکرایە تا ئیستا کەرکووک هیچ خزمەت گوزارییەکی بۆ نەکراوە، ئیمەش ئەگەر بمانەوێت کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و بگاتە ڕیزی شارەکانی تری کوردستان، ئەبێت و پێویستە بە هەموومانەوە هەوڵی بۆ بدەین، ئێمەش وەک کۆمەڵگای کوردی لە ئیتالیا و دانیشتوی شاری ڤینیسیایین ئەم پیشنیارەمان ئاراستەی شارەوانی ڤینیسیا کرد و ئیستا لە کارکردنیین لە نیوان هەردوو شارەوانی بۆ بردنە پیشەوەی پرۆژەیەک بۆ شاری کەرکووک، جوان کردنی کەرکووک وەک شاری ڤینیسیا بە هاوکاری ناوەندی چاودێری منداڵانی کەرکووک.

پ: ئەمساڵ لەگەڵ میوانەکان شاری کەرکووکتان بینی، میوانەکان هەستیان بە چی کرد بە بینینی ئەو شارە؟.

و/ بە ڕووخان و وێرانی و دواکەوتنی شارەکە، لە کاتێکدا یەکیک لەو میوانانە، بۆ خۆی هاتبوو بە مەبەستی هەڵسەنگاننی ئاستی پێداویستی شارەکە و پیداویستییەکانی لە هەموو بوارەکانەوە.

پ: چ بەرنامەیەکتان بە دەستەوەیە بۆ ژنان و منداڵانی کوردستان؟.

و/ ئەوەندەی کە ئێستا بتوانم باسی بکەم هێنانی گروپێکی منالانی کورد بۆ بەشداربوون لە فیستیڤالی سالانە لە ئیتالیا بۆ ماوەی یەک هەفتە بە هاوکاری منداڵ پارێزی کوردستان، ئێستا لە لێکولینەوەی پرۆژەیەکین بۆ ژنان یان ئافرەتانی کوردستان لە گەڵ ڕێکخراویکی ئیتالی، هەروەها وزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانمان ئاگادار کروتەوە لەو پرۆژەیە، بە هیوای ئەوەین کە هاوکاریمان بکەن بۆ بە دەست هێنانی دوکومینتو داتێکان.

پ: ڕەزا کەبابچی کەسایەتییەکی ناسراوی شاری کەرکووکە، ئەو ناوە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟.

و/ کۆمەڵی شت، قوربانێکی زۆر، موزەحی بۆ کوردایەتی و هەموو کەس و کارەکەی، درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ ئەوەی پێویستی پێ بێت، فێربوونی زۆر شتی گرنگ وەک: دوور بینی، وەفاداری، خۆڕاگری، هەژار دۆستی.

هەر کارێکی باشم کردبێت و بیکەم لە خۆشەویستی و بۆ خوشەویستی باوکم، گوڵاڵە و هەموو خێزانەکەی بە ڕەزا کەبابچییەوە ئەناسرێنەوە، نەک تەنها لە کەرکووک بەڵکوو لەلای زۆربەی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانیش، بۆیە جێی شانازیمانە.

پ: ئەو ڕێکخراوانەی لە دەرەوە کار دەکەن، چەند توانیویانە ئامانجەکانیان بپێکن.

و/ بە ڕای من زۆر باش بەشێک لە ئامانجەکانیان پێکاوە، چونکە هەر نەبێت دەورێکی زۆریان بینیوە بۆ ناسینی ئەم ولاتانەی دەرەوە بە کوردستان و خەڵکی کوردستان بەم وڵاتانە، ئەمەش بۆ خۆی کارێکی کەم نییە، هەروەها ئەو ڕێکخراوانە هاوکارێکی زۆر باشن بۆ ئەو کەسانەی کە بەتاک تاکی ئیش ئەکەن لە گەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان لە دەرەوە، تا ئێستا من و هاوسەرەکەم تەنها کوردین لە گەڵ ئەم ڕێکخراوە کار ئەکەین لە ئیتالیا، بۆ نموونە ڕێکخراوی چاک (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد) پاڵ پشتێکی زۆری هەبوو بۆمان و بۆ ئەوکارانەی کردوومانە، وەک بەخشینی زانیاری و دوکومێنت لە سەر هەڵەبجە و ئەنفال وئاسان کاری پەیوەندی کردنم لە گەڵ هەڵەبجەو کوردستان، هەروەها چالاکن لە بەشەکانی تری کوردستانیش، وە ئێستا لە کار کردنداین هەر لە گەڵ چاک بۆ ئەوەی شارە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ببن بە ئەندام لە ڕێکخراوی جیهانی (شارەوانی بۆ ئاشتی) وەک دیار بکر و ژمارەیەک زۆری شارەوانی، سەردەشت کە لە ڕۆژانی ڕابوردوو بوو بە ئەندام.

پ: بۆ چی ئەم ڕێکخراوەتان هەڵبژارد بۆ ئەوەی کاری لە گەڵ بکەن و یەکەم کارتان چی بوو؟.

و/ لە بەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوە بۆ ئاشتی کار ئەکات و دژ بە کارهێنانی چەکی کیمیاوییە، دژ بە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی کومەڵکوژی کار ئەکات، بۆ یادی 60 ساڵەی کارەساتەکی هیروشیما خەریکی ساز کردنی کۆنگرەیک بوون لە ئیتالیا، بە هەڵمان زانی

وتمان ئیمەش شارێکمان هەیە کە هاوەردی هیروَشیمایە، ئیتر هەر لەو ڕوَژەوە پەیوەندیمان بەست لەگەڵ سەروک شارەوانی و بەڕێوەبەری موَنوَمێنتەکەی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە بوو بە یەکەم شاری کوردی لەو ریکخراوەیەدا، هەر لەو یادەدا ئیمەش توانیمان بە هاوکاری ڕێکخراوی ناوەندی چاک (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی کورد) کومەڵێ وێنەو دوکومینتیان بۆمان ڕەوانەکرد، توانیمان پیشانگایەک و فلیمێکی دوکومینتاری لە سەر کارەساتەکەی هەڵەبجە ئامادە بکەین، بەهۆوەی بەشداری ئەو کوَنفرانسە ببین، ئەوەش بوو بە هەوێن و سەرەتای پەیوەندییەکی گەورەتر لە داهاتوودا.

پ/ ئەوکارەنەکە بەدەستانەوەیە لە داهاتوو پێی هەڵسن چین؟.

و / کارەکانی داهاتووەمان بریتیین لە تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەی کە لە ڕابردوو دەستی پی کراوە، وەک بە ئەندامکردنی ژمارەیەکی زۆر شارەوانی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانەی بڕیار وایا ئەنجام بدرێت، سەرباری ئەوانەش پلان هەیە بوَ گەورەکردنەوەی بوَ سەرانسەری عیراق، کە تا ئیستا پەیوەندی بە چەند سەروکی شارەوانی شارەکانی باشووری عێراقەوە کراوە و دیالوگ هێشتا بردەوامە بۆ ئەوەی بێنە ڕیزی شارەوانییە ئاشتیخوازەکانەوە.